# تاوان

بەکر دەروێش
(خورماتوو)



هەرچۆنێ بوو تاوانی کوشتنەکەی مستەر هابیلیان خستە ئەستۆی من و بڕیاری ئیعدام کردنیان دام، هەرچەند سەرەتا وا دیار بوو سەرۆکی دادگا بە بڕیاری دادگا قایل نەبوو بێت، بەڵام دەستەی سوێند خۆران بەو بەڵگانەی بەدەستیانەوە بوو قایل بوون و کوشتنەکەی مستەر هابیلیان خستە ئەستۆی من. ئەوان کاتێ تەنیا دەریاوانەکان و کەشتیەکانیان بینی دوو دڵ بوون، بەڵام دوای ئەوەی کە بەمەسەلەی پیاسەکەی من و مستەر هابیلیان زانی بڕوای تەواویان هێناو وتیان کاری کوشتنەکە مسۆگەرە، من هەر لەسەرەتاوە چۆن دەمزانی بێتاوانم ئاواش دەمزانی تاوانی ئەو پیاوکوژییەم دەخەنە ئەستۆ، چونکە تازە کار لە کار ترازا بوو ئەوان بە بەڵگەکانیان قایل ببوون، بەوەی من مستەر هابیلم کوشتووە، کەچی ئەوەی ڕاستی بێت، مستەر هابیل لە دەریاکەدا خۆی خۆی خنکان، هەرچەند من ئەوە یەکەم جارم بوو مستەر هابیل ببینم، ئەویش ڕۆژێک بوو لەسەر دەریای نەزۆکی تەمەنم دەگەڕام، چاوەکانم، گوێچکەکانم، هەستم، نەستم، لە جێگەیەکی تری ئەو دەریایەدا لە مۆڵەتدا بوون، بینیم کابرایەک بە تەنافی ژانەکانیدا خۆی هەڵواسیوەو تەماشای شەپۆلەکانی دەریای ژیانی دەکات، هێندەش بە ئاستەم هەنگاوی دەنا، ببووە جێگای گومانی هەموو کەسێ، ئەم کێشەیە پێوەندی بەمنەوە نییە؟ کە ئاوام گوت لەبەر خۆمەوە، ئەو لە ژماردنی کەرەسە بێکەڵکەکانی سەر ڕۆخی دەریاکەدا بوو، لەوێ کەلاکی دوو کەشتی کۆن، پاڵەپەستۆیەک، لێرە من، لەوێ ئەزموونێکی سووتاو، کەلاکی ماشینێک، لێرە کۆمەڵێ وشە، لەوێ خۆی، کە لە ژماردنی ئەمانەش بووەوە، دەستی برد لە گیرفانی پاڵتۆکەی شووشەیەک مەراقی دەرهێناو هەڵیقوڕان، دوابیش بە پەیژەی دەریاکەدا بەرەو بەرزترین شوێنی ڕۆخەکە سەرکەوت، بە هیوای ئەوەی

دەریاوانەکان لە نزیکەوە ببینێ، هەستم کرد دەریاکە بە شەپۆلەکانی ختووکەی بۆشایی بیرەوەرییەکانی دەدات، ئەویش بەفڕین و نمایشی پۆلێ باڵندەی گەوج هەڵبەتە بایەخێکی زۆری دا، منیش ئەو هەلەم بە دەرفەت زانی و چاوم لە ئاوابوونی کەشتییەکانی نزیک بەندەرەکە هەڵخست کە ڕەشەبایەکی شێت کەشکۆڵەکانیانی هەراسان کردبوو، کەلاشم کردەوە بینیم مستەر هابیل هەنگاوەکانی بەسەر چەوی ڕۆخەکەدا کێش دەکاو گەواڵەی تەزێکی پڕ لە مەراقیش شانەکانی لەشی هەڵدەتەکاند، وا دیاربوو نیازی بوو لە دەریاکەدا مەلە بکا، بۆیە خۆی لە تەماشاکانم دەشاردەوە، چونکە کچێکی قەیرە کە لە بوتڵی مەراقەکانیدا گۆچ ببوو، لە دەریاکەدا مەلەی دەکرد، بەڵام کە ئێمە لێی نزیک دەبووینەوە، ئەو لە نێو شەپۆلەکاندا خۆی دەشاردەوە، کە لێشی دوور دەکەوتینەوە مچووڕکەی حەزێکی ژیلەمۆیی ژێر پێمانی دەبرژان، مستەر هابیل بە کش و ماتی بە ئاستی کەرەڤانە چۆڵەکاندا هەڵکشا، لەوە دەچوو تەمایەکی هەبێت، چونکە هەرکە کچەکەی لێ ون دەبوو یەکسەر شەپۆلەکانی دەپشکنی و بەدوایدا دەگەڕا، کە مستەر هابیل بەرەو ڕووم گەڕایەوە پێم وت: ئەبێ ئەمڕۆ کێ بۆشایی نێو حەزەکانمان بۆ پڕکاتەوە جگە لە قەیرەکەی خۆمان؟ وادیار بوو مستەر هابیل تا ئەو کاتە هەستی بەبوونی من نەکرد بوو، چونکە کە ئاوام وت زۆر بە شپرزەییەوە سەیری کردم و بە تووڕەییەوە وتی: کابرا تۆ کێی و چی گەیاندووتییە ئێرە؟ وتم: منیش وەک خۆت دەریاوانێکی ئەم دەریا نەزۆکەی ژیانم؟ کە گوێی لە وەڵامەکەم بوو ڕووی گەشایەوەو بزەیەکی بۆ کرد و وتی: کەواتە تۆ ئەو کەسەی کە ساڵەهای ساڵە لەسەر ڕۆخی ئەم دەریایە بەشوێنتا دەگەڕێم، وتم: بۆچی؟ وتی: تا ببیتە شایەتی ئەوەی کەمن ساڵانێکە لە سینەی پڕ داخمدا خۆشەویستی کچێکی قەیرەم هەڵگرتووەو دەمەوێ وەک چەپکە گوڵێک پێشکەشی کەم، کەچی ئەو ڕازی نابێت لێم وەرگرێ؟ پێش ئەوەی من وەڵامی بدەمەوە، ئەو لە بەرزترین شوێنی ڕۆخەکەوە خۆی هەڵداوە نێو دەریاکەوەو شەپۆلەکانیش خێرا لووشیان کردو گوم بوو؟ لەو ڕۆژەوە من پێ دەخەمە سەر هەر مشتە لمێکی ئەو ڕۆخە، هەست بەناڵەی گیانی مرۆڤێکی خنکاو دەکەم، کە زۆرێک لە ڕوخسارەکانی مستەر هابیلی تێدایە، ئەم مشتە لمە پاشماوەی جەستەیەکە بە ئاگری بێوەفایی سووتاوە، بۆیە هەمیشە خوێنێکی ڕەش لە پەراسووەکانیەوە دێتە دەرو دەڕژێتە قوڕگی دەریاکەوە، لەوانەشە پێی منی بەرکەوتبێ و زامەکانیم کولاندبێتەوە؟! ئەوە بوو پاش ماوەیەک لە چاوەڕوانی شەپۆلەکان لاشەی مستەر هابیلیان توڕدایە سەر ڕۆخەکە، لێی نزیک بوومەوە بینیم بەحاڵ گیانی تێدا ماوە؟ بۆیە منیش لەولایەوە ڕاکشام و جگەرەیەکم گرتێبەردا، دووبارە کە سەیرم کرد جگە لە تارماییەک هیچی ترم نەبینی، دەریاکەش بەشەپۆلەکانی خێرا خێرا شوێن پێکانمانی دەسڕییەوە، لە پڕ تارماییەکەی مستەر هابیل هەستایە سەرپێ و بەدەم قاقای پێکەنینەوە وتی: تۆ تاقەکەسێکی کە بەم مەرگەی من دەزانی، وەسیەتەکەت لەبیر نەچێ و بیگەیەنیتە ئەو قەیرە خاتوونە؟ ئیتر لەو ڕۆژەوە نە مستەر هابیلم بینیەوەو نەناویشیم بیست، تا ڕۆژی دادگایی کردنم کە تۆمەتی کوشتنەکەی ئەویان خستە ئەستۆم، ئەوسا تەواوی ڕووداوەکەم بیرهاتەوەو ویستم وەسیەتەکەی مستەر هابیلیان بۆ باس کەم، وەلێ تازە کار لەکار ترازاوەو کێ بەوە باوەڕ دەکات کەمن مستەر هابیلم نەکوشتووە؟